# گوڵ و شێعر و بەفر

پێشکەشە بە کچی گوڵ و شێعر و بەفر: «تەرزە خانم»

• کەژاڵ ئیسماعیل

جاران کە وەرزی سارد ئەهات
لە دەوری چرایەک خەممان ئەڕشت
بۆ چەند تاوێکیش
گەمەی لەیادچوونەوەمان سازئەدا
شەوەکانی پێش کۆتایی ساڵ
هەرکە وەرزی بەفر ئەهات
پێکەوە خۆمان سازئەکرد
بۆ ئاهەنگێکی سادە
ئای.. گوڵە گەنمیلییەکەم!
ئێستا، ئەوە منم.. من
لە داهاتنی وەرزی سارد ئەترسم
دوا شەوەکانی سەری ساڵ
جەستەم
وەک لە پەڵە هەورێکی زستان بەربووبێتەوە
دێتە لەرزین..
ڕەنگم
سیایی.. سیایی
دەڵێی لەو شەوە تاریکە هەڵکێشراوە
کە بۆ دواجار لە باوەشم گرتی
کچێ گوڵم!
من لە بارینی بەفر و
هەڵوەرینی چەمە باران
دڵم سیخناخی خەمێکی گەورە بووە
ئێستا.. چۆن بتوانم
لەگەڵ ئەو دەنکە تەرزە ڕەقانەدا
گەمە بکەم
کە تۆیەکی نەرم و گەرمم هەبێ؟
پێیان وایە..!
وەک شەوە ساردەکانی جاران
چرپەیان بە گوێدا ئەکەم.
کچێ..!
ئەی کچی گوڵ و شێعر و بەفر
سالانێکە

گوڵدانەکەم بێ گوڵی گۆنای تۆ
بێ گوڵە و
دەروونیشم هەروەک دڵم
سیخناخە لە شێعرێکی یاخی..
بەفریش بۆنی پەنجەکانم ناکات
ئاخر پەریزادە!
دستەکانم چۆن گەرم ببنەوە؟
دوور لەو دەستە نەرمانەی
لە وەرزی ساردا
دوو چۆلەکەی گەرمەسێر بوون
هێشتا بۆن و ڕەنگی ماچە تەڕەکانت
لە سەر لێوم ڕاکشاون
ئیدی بە ماچێکی وشک و بێتامی بووکەڵەیەک
لەو کەرویشکەخەوە
چۆن ڕایان بچڵەکێنم؟!
بۆنی عەتری قژە خاوەکەت
کە بە سەر شەوی سەفەرما ئەبارێن
سینەمی پڕ کردووە و
سەریشت هێشتا وا لە سەر هەنسکم.
گوڵم هێشتا..
ئەسرینەکانی دوا ساتی ماڵئاوییمان
لە سەر گۆناکانم
وشکیان نەکردووە
ئیدی چۆن بتوانم
بە قاقای پێکەنینێ
خۆم هەڵبخەڵەتێنم؟
ئەی بۆ ئەم وەرزە ساردە
چۆن خۆم ساز بدەم
یا.. لە هاتنی
وەرزە ساردەکان نەترسم؟!
• • •
هۆڵەندا ـ دینهاخ، 20-12-2005